# سێیەمین فیستیڤاڵی شانۆی شەقامی سەقز

## (١٦-٢٢ مرداد ١٣٩٧) بەرانبەر (٧-٢٠١٨/٨/١٣)

د.کەیفی ئەحمەد
(زانکۆی کۆیە- فاکەڵتی پەروەردە- بەشی کوردی)

(٢ - ٢)

**٥- شانۆیی تێکدەران (وندالها)**

ئەم شانۆییە لەلایەن گرووپی شانۆی لاهیجان نمایش کرا، لە دەرهێنانی (ئەمیر ڕەجەب پوور) بوو، ناوەرۆکی ئەم دەقە باس لە تێکدان و خراپ کردنی موڵکی گشتی و خزمەتگوزاریی گشتی دەکات، سەرەتا دوو ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە و باس لە تێکدەریی ئەو جۆرە شتانە دەکەن، پاشان دەیکەنە پرسیار و ئاراستەی بینەرانی دەکەن و دەپرسن، ئایا دەزانن تێکدەران کێن؟ ئایا دەزانن تێکدان چییە و واتای چییە؟ بەم شێوەیە و لە ئاکامی ئەو پرسیارە و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و تیشک خستنە سەر وەڵامی ئەو دوو پرسیارە، دەچنە نێو ڕووداوەکانی نمایشەکە، سەرەتا هاندەرانی دوو تیمی فوتبۆڵ پیشان دەدات، کاتێک تیپێک دەیباتەوە و ئەوەی دیکە دەیدۆڕێنێت، ئەوە دەکەونە گیانی یەکدی، سەرەڕای زیان گەیاندن بە یەکدی، زیانی زۆر بە هەموو کەلوپەل و پێکهاتەی گۆڕەپانی یارییەکە و بینایەکەی و کورسی و شتەکانی دیکە دەگەیەنن و گشتی تێکوپێک دەشکێنن، هەروەها ڕووداوەکان تەشەنە دەکەن و لەو شوێنە دێنە دەرەوە و زیان بە موڵکی تایبەتیش دەگەیەنن و سەیارە و دوکان و شتەکانی دیکەی خەڵکەکە دەشکێنن، لەهەمان کاتدا دەبنە هۆی تێکدانی میزاجی خەڵکی و ناشیرین کردنی ئەو پرۆسە و کولتوورەش، سەرەڕای ئەو هەموو زەرەر و زیانەش، زەرەر بە ژینگەش دەگەیەنن، بە شکاندنی دار و درەختەکان و پیسکردنی گۆڕەپانی یاری و شەقام و کۆڵانەکان.

پاشان دێتە سەر یاسا وەک موڵکی گشت هاووڵاتیان و پاراستنی مافەکانیان، بەڵام نابێت ئەو یاسایە بە



بیانووی پاراستنی مافی گشتی و تاک خۆی هەڵبقورتێنێتە هەموو کاروبارێکەوە، هەندێک شت هەن کەسین و نابێت بە بیانووی شکاندن و ڕەچاونەکردنی یاسا، لێپێچینەوە و سزای هاووڵاتی بدرێت، لە دیمەنێکی ڕەخنەییدا کوڕێک و کچێک دەستی یەکتریان گرتووە، لەو کاتەدا کەسێک بە بیانووی لادان و فەرامۆشکردن و پێشێلکردنی یاسا، خۆی تێکەڵی ئەو بابەتە دەکات و دەیەوێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات و سزایان بدات، بەڵام ئەوان پێی دەڵێن، ئێمە هاوسەری یەکترین و ئازادین لەو جۆرە هەڵسوکەوتەمان، ئەویش دەمی دادەخات و دەکشێتە دواوە.

لە دیمەنێکی دیکەدا باس لە پرۆسەی خوێندن و خوێندنی زانکۆیی دەکات، وەک مافێکی گشتی، ئەو دامەزراوەیەش وەک موڵکی گشتی و هەر هاووڵاتییەک کە مەرجەکانی تێدابن، مافی خۆیەتی لەنێو ئەو دەزگایەدا هەلی بۆ بڕەخسێن و خوێندنی خۆی تەواو بکات، لێرەدا دوو وێنەی بەراوردکارانەمان دەخرێتە پێش چاو، خوێندکارێکی زیرەک و لێهاتوو، کە نمرەی بەرزی بەدەست هێناوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی پارە بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی واز لە خوێندنی زانکۆیی دەهێنێت و ڕوو لە کار و کاسبی دەکات، بەوەش خۆی و خێزان و کۆمەڵ توانایییەکی داهێنەرانەی لەدەست دا، کە لەوانەیە لە داهاتوودا بتوانێت داهێنان و خزمەت بە خۆی و خێزان و نەتەوە و نیشتمانەکەی بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساوە، ئەوە وزە و هێز و توانست و داهێنانەکەی زیندەبەچاڵ دەکرێت، هەموو لایەک لەو کارە زەرەرمەند دەبن، لەهەمان کاتدا وێنەیەکی دیکەی پێچەوانەمان پیشان دەدات کە خوێندکارێکی تەنبەڵ و فاشیل و هیچ لەباردا نەبوو کە نمرەیەکی زۆر خراپ و نزمی هێناوە کە شایانی ئەوە نییە بچێتە زانکۆ و خوێندنی باڵا، بەڵام لەبەر ئەوەی پارەی هەیە و زەنگینە، ئەوە بە پارە و هێزی دارایی خۆی دەتوانێت واستە بکات و نمرە بە شێوەی (پارالێل) بکڕێت و وەردەگیرێت، کە لە داهاتوودا جگە لە زەرەر، هیچ شتێکی دیکەی لێ چاوەڕێ ناکرێت و شوێنێکی گرنگ و نەشیاو بۆ تواناییەکانی خۆی و شیاو بۆ کەسانی دیکە داگیر دەکات، بەوەش پرۆسەی خوێندن و خوێندەواری و زانست و داهێنان پاشەکشە دەکات.

لێرە بە شێوەیەک لە شێوەکان باس لە هەردوو چینی هەژار و دەوڵەمەندمان بۆ دەکات کە ئەو شێوازی مامەڵەکردنە بۆشیایی و لێک دوورکەوتنەوە و ڕق و قین لەنێو کۆمەڵ زیاتر دەکات، چونکە چینی هەژار وای بۆ دەچێت کە ئەو چینە زەنگینە بە هۆی هێزە دارایییەکەیەوە هەموو مافێکی ئەوان زەوت دەکات، بەوەش کۆمەڵگەیەکی ناجێگیر و دڕدۆنگ و ناتەبا بەرهەم دێنێت، ئەوەش هەمووی لە ئەنجامی ئەو یاسا نادروستانە دەکەوێتەوە، بۆ نموونە، یاسا سزای بۆ ئەو کەسانە داناوە کە غەدر و دەستدرێژی دەکەنە سەر ماف و کەسێتی خەڵکی دیکە، کاتێ کەسێکی هەژار ئەو شتە بەرانبەر دەوڵەمەندێک دەکات، ئەوە یاسا بێ سێ و دوو سزای دانراوی بەسەردا دەسەپێنێت، بەڵام کاتێک دەوڵەمەندێک ئەو کارە بەرانبەر بە هەژارێک دەکات، ئەوە یاسا دۆش دادەمێنێت و نازانێ چۆن سزاکەی بەسەردا بسەپێنێت، چونکە پارەی هەیە، لەوانەیە دەسەڵاتی جێبەجێکاری یاسا و پارێزەرەکان بە هۆی پارە ڕازی بکات و چاوپۆشی لێ بکەن، یان ڕووداوەکە بە لاڕێدا ببەن، یان کەسەکە بە زەبری پارە ڕازی دەکات و لێی خۆش دەبێت و داواکەی دەکێشێتەوە، بەوەش یاسا ڕێڕەوی خۆی ناگرێتە بەر و کەسەکە لە سزا ڕزگاری دەبێت، ئەوانە و کۆمەڵێک ڕووداوی دیکە دەخرێنە ڕوو، تا لە کۆتاییدا لەژێر گوشاری گشتی و لەپێناو سەپاندنی یاسا، بڕیارێکی یەکلاکەرەوە و ڕوون و ئاشکرا بۆ هەموو کەسێک وەک یەک دەردەکرێت کە کەس نەتوانێ خۆی لێ بشارێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر موڵک وماڵی گشتی و تێکی دەدەن، هەروەها ئەوانەی کە شتی نایاسایی لە بەرانبەر موڵکی

گشتیدا دەکەن، بە زیندانکردنیان بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بەبێ جیاوازی سزا بدرێن، ئەوەش دەبێتە کۆتایی ڕووداوەکانی نمایشەکە.

## ٦- شانۆیی ژیانێکی ڕۆمانسییانە

ئەم شانۆییە لەلایەن شانۆکارانی شاری سەقزەوە نمایش کرا، کە لە دەرهێنانی (موحسین محەمەدی) بوو، باس لە کێشەی کەسێکی پاککەرەوە دەکات، کە سەرەتا بێکارە و دەیەوێت ژن بێنێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی بێکارە ژنی دەست ناکەوێت، داوای پێوەندی زەواج لە چەند کەسێک دەکات، وەڵامی ئەرێنی وەرناگرێتەوە، لەو لاشەوە کچێک هەمان کێشەی هەیە و دەیەوێت شوو بکات، بەڵام داخوازیکەری نییە، کاتێ کە داوای پێوەندی و شووکردنی لێ دەکات، خۆی گران دەکات، هەرچەندە لە دڵەوە دوعا دەکات، کە لەسەر داواکەی بەردەوام بێت، بۆیە کاتێ لێی دووبارە دەکاتەوە یەکسەر دەڵێت ڕازیم، بەڵام مەرجم هەیە، جارێ بابزانم تۆ چیت تەواو کردووە، ئەویش بە درۆ دەڵێت دەرچووی زانکۆم، کچە خەنی دەبێت و دەڵێ زۆر باشە، ئەی کارت هەیە؟ دەڵێ نەخێر، ئێ کەواتە مەرجەکەم ئەوەیە کە دەبێت کارێک بدۆزیتەوە، ئەویش بەڵێنی پێ دەدات کە بەزووترین کات کارێک بدۆزێتەوە، کچەماڵە باوانی هەموو لە دەرەوەی وڵاتن، هەر تەنیا خۆی لە وڵات ماوە، پاش ماوەیەک گەڕان بەدوای کاردا جگە لە پاککەرەوە هیچ کارێکی دیکەی دەست ناکەوێت، بۆیە ڕازی دەبێت کە ئەو کارە بکات، بەڵام فێڵ لە ژنەکەی دەکات، چونکە کاتێ پێی دەڵێت کە من بوومە بە پاککەرەوە، ژنە شێت و هار دەبێت و دەڵێت، چۆن دەبێت من ببمە ژنی پاککەرەوەیەک، ڕازی نابم، ئەویش دەڵێت، بەڵێنت پێ دەدەم کە بە زووترین کات ببمە سەرۆکی چاودێران، بەڵێنیشم وەرگرتووە کە ئەو کارەم دوای ماوەیەکی کورت پێ بدەن، لەوانەیە یەک حەفتە بخایەنێت، بەوە ژنەکەی ڕازی دەبێت، لە دیمەنێکی خۆش و ئاهەنگیدا ژنە دەگوێزێتەوە و دەبنە یەک خێزان، لەوێوە ڕووداوەکان و کێشەکان دەست پێ دەکەن.

دوای ئەوە دەچێت بۆ نووسینگەی سەرۆکی چاودێران و لە دیمەنێکی کۆمیدی خۆش ڕووداوەکان دەخاتەڕوو کە چاودێر بە هێدفۆن تەلەفۆن لەگەڵ کەسێک دەکات و ئەویش بە ژوورێ دەکەوێ و سەلام دەکات، ئەو ئاگای لەو نییە و وەڵامی تەلەفۆنەکە دەداتەوە، کەچی ئەم هەر وادەزانێت گفتوگۆکە لەگەڵ ئەمە، داوای لێ دەکات کە لەبەر ئەوەی ماڵی خەزووری لە ئەمریکا دێنەوە، بۆ ماوەی یەک حەفتە بیکاتە چاودێر، تا لە کۆتایی ئەو دیمەنە قەناعەت بە سەرۆکی چاودێران دەکات، بیکات بە چاودێر بۆ ماوەی یەک حەفتە، لە ڕۆژێکی ئەو حەفتەیەدا بەرپرسێکی گەورە سەردانی نێو شاردەکات، بە یاوەری سەرۆکی چاودێران، لەوێ کۆمەڵێ کێشە و گرفتی گشتی شارەوانی هەن، کە بە هۆی گەندەڵی و بێخەمی و ترسی لەدەستدانی پۆستەکانیان ئەو کێشانە بە سەرووی خۆیان ناگەیەنن، بەڵام کاتێک دەگەنە ئەو کەسە کە بە کاتی کراوە بە چاودێر، هەموو شتەکان و داواکارییەکان و گەندەڵی و کێشەکان ڕاستەوخۆ بە بەرپرسەکە دەڵێت، ئەو بەرپرسەش بە هۆی بوێری و چاونەترسی و خەمخۆری ئەو کەسە، بڕیار دەدات بیکات بە سەرۆکی شارەوانی، ئەو چاودێرەش لە شوێنی ئەو دەکات بە پاککەرەوە. هەر لەسەرەتاوە کەسە نزیک و هەلپەرستەکان هەوڵ دەدەن لە خشتەی بەرن و ئاراستەی بەرەو گەندەڵی و دزی ببەن، بەڵام ئەو بە قسەیان ناکات و خۆی دەگرێت، دەڵێ لەبری ئەوەی حەفتەی ڕۆژێک خەڵکی بێن بۆ بینینم، با هەموو ڕۆژێک کە بیانەوێت بێن بۆ لام، ئەوە دەرگایان بۆ بخەنەسەر پشت، ئەو کەسانەی بە واستە هاتوون و نامەی واستەیان پێیە بۆ دامەزراندن و پرۆژە وەرگرتن هەموویان دەردەکاتە دەرەوە، نامەکانیان دەکاتە نێو تەنەکەی خۆڵەوە، لە بەرانبەردا کاری خەڵکە هەژارەکان دەڕوێنێ و بۆیان جێبەجێ دەکات، دەرگەوانەکە دێتە ژوورەوە و پێی دەڵێت کە ئەمڕۆ ڕۆژی پاککەرەوەکانە، دەبێت بچێت بۆ ئەو بۆنە و یادە، ئەویش پرسیاری لێ دەکات کێی لێیە، دەڵێت هەموو بەرپرسەکان لەوێن، دەڵێت ئەی پاککەرەوەکانیش لەوێن؟ دەڵێت نەوەڵڵا کەسیان لەوێ نین، دەڵێت چۆن دەبێت؟. ئەی ئەوە ڕۆژی ئەوان نییە؟ چۆن دەبێت ئەوان لەوێ نەبن؟ بڕۆ هەر ئێستا هەموویان داوەت بکەن و با لە ڕۆژی خۆیان ئامادەبن، داوا دەکات کە جلێکی پاککەرەوانی بۆ پەیدابکەن لەگەڵ گێسکێک، بۆی دێنن و خۆی دەگۆڕێت و دەست دەداتە گێسکەکە و دەڕوات، لەوێ تووشی خێزانەکەی دەبێت، ئەویش دەڵێت، چیت کرد ئەوە ماڵی باوکم گەیشتنەوە، کارەکەت هەر نەگۆڕی، ئەویش دەڵێ



چۆن نەمگۆڕی؟! ئێستا بوومەتە سەرۆکی شارەوانی، ژنەکەی لێی هاردەبێت و پێی دەڵێت، تۆ هەر ڕۆژەی قسەیەک دەکەی و درۆش دەکەی و جێبەجێی ناکەی، هەرچەندە دەڵێت بەڕاستیمە درۆ ناکەم، بەڵام ژنەکەی پەلاماری دەدات و ڕاوی دەنێت، پێی دەڵێت تۆ لە ژیانێکی خەیاڵی و ناواقیعیدا دەژیت، دەردەچن، لەوێدا دەردەکەوێت کە ئەوەی ڕووی داوە لەدوای ژن گواستنەوەکەی هەمووی خەیاڵی کەسەکە بووە و نەبووەتە هیچ و هەر بەخەیاڵ ئەو مەزندانەی کردووە، لەوێدا لە دیمەنێکی خۆش و کۆمێدیاییدا شانۆییەکە کۆتایی دێت.

ئەم شانۆییە سێ خەڵاتی فیستیڤاڵی پێ بەخشرا، کە بریتی بوون لە: خەڵاتی باشترین ئەکتەری یەکەمی کوڕ، بۆ (ئومێد فرامەرزی)، خەڵاتی دووەمی بیرۆکە، بۆ (موحسین محەمەدی)، خەڵاتی باشترین ئەکتەری سێیەمی کچ، بۆ (فەوزیە مەریوانی)، هەروەها پێشنیار کرا کە لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی مەریوان بەشداری بکات.

**٧- شانۆیی جا دەکرێت مەگەر هەمانە!؟ (مگە میشە مگە داریم)**

شانۆیەکی دیکەی بەشداری ئەم فیستیڤاڵە شانۆیی (مگە میشە مگە داریم)بوو، کە بەرهەمی شاری بۆکان بوو، ئەم شانۆییە لە دەرهێنانی (ئەفشین ناسری)بوو، ڕووداوەکانی ئەم نمایشە باس لە پیسکردن و وێرانکردنی ژینگە دەکەن بە هەموو لایەنەکانییەوە، بە شێوەکی کۆمێدیانە و ڕەخنەی بنیادنەرانە ڕەخنە لە هەموو کەس و لایەنێکی بەرپرس لەو کارە دەگرێت و دەیانخاتە ژێر نەشتەری ڕەخنەکانی، لێرەدا باسی کۆمەڵێک شوێن و شێوازی ژیان و نیشتەجێ بوونیان دەکات، وەک نموونە ئەو شوێنانە دێنێتەوە و باسیان دەکات، دیارە هەر بە تەنیا ئەو شوێنانە و خەڵکی ئەو شوێنانە هۆکار نین بۆ پیسکردنی ژینگە، بەڵام ئەوان دەکات بە نموونە و بۆ بینەری ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆمان بیر لە خۆمان و شوێنی دیکە و خەڵکی دیکە و شێوەی ژیانیان و کاریگەرییان لەسەر پیسکردنی ژینگە بهێنینە بەرچاومان، بۆ نموونە پیسبوونی هەوا بە هۆی دەنگەدەنگی خەڵک و ئامێر و دەزگا و کارگە و...تاد، تارانی پایتەخت و خەڵکەکەی دەکاتە نموونە و دەیخاتە پێش چاوی بینەران، لەو دیمەنەدا باس لە کۆمەڵێک شتی ناشیرین دەکات، کە ژینگەی ئەو شارە جوانەیان پیس و وێران کردووە، سەرەتا باسی دەنگ و هەرای کاسبکار و فرۆشیار و دەستگێڕ و دوکاندار و عەرەبانچی و دۆلارفرۆشان و...تاد ئەو شارە پڕ لە دانیشتوانەمان بۆ دەکات، کە هەریەکەیان لە شوێنی خۆی پڕ بە دەنگ و قوڕگ و سینەی خۆی هاوار دەکات بۆ ڕیکلام کردن و ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانی و ڕاکێشانی کڕیاران بەرەو لای خۆی، لەو لاشەوە دەنگ و هەرای پاسکل سواران و دەنگی ناسروشتی گزۆزی ماتۆڕسکل و هەرای خۆیان فەوزایەکی دیکەی ناوەتەوە، هەروەها لە کاتی یاری تیمەکانی فوتبۆڵێن و یارییەکانی دیکەدا هاندەرانی ئەو تیمانە لە شوێنی یاریکردن، پاشان دەرچوونیان بە سەیارە و پایسکل و ماتۆرسکل هەرای زیاتر دەنێنەوە و بۆ نێو کووچە و کۆڵان و بازاڕەکانی شار دەیگوێزنەوە، بەوەش ڕۆژێکی ڕەشتر و ناخۆشتر و کەشوهەوایەکی زۆر ناساز دروست دەکەن، لەلایەکی دیکەوە شلۆقی ئەو شارە بە دانیشتوان، کە بڕێکی زۆریان لە ئەپارتمانەکان دەژین، دەنگ و هەرایەکی دیکەی ناسروشتی ناوەتەوە، بەتایبەتی لەکاتی بۆنە و ئاهەنگەکانیان، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ کەسی دیکە و دراوسێکانی خۆشیان بکەن، بەوەش ژینگەیەکی پیس و ئالوودە بۆ خەڵکی بە گشتی سازدەکەن، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونی و تەندروستی جەستەیان و خەڵکێکی نا جێگیری دەروونی و ڕاڕایی لێ بەرهەم دێت.

شوێنێکی دیکەی هەڵبژێردراو بۆ باسکردن، باکووری ئەو وڵاتەیە، بە هۆی جوانی سروشت و خۆشی و فێنکی کەشوهەواکەی خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە و

خەڵکی بیانی وەک گەشتیار بۆ گەشت و کات بەسەربردن ڕووی تێ دەکەن، ئەوجا ئەوەش دەبێتە هۆی زیان گەیاندن و زیان لێدانێکی زۆر لە ژینگە و سروشتی جوانی ئەو ناوچەیە و پیسبوونی ئاو و هەوا و سروشت و ژینگەکەی، لەبری خزمەتکردنی، وێرانی دەکەن و حیساب بۆ هیچ شتێک ناکەن، تەنیا دەیانەوێت کاری خۆیان مەیسەر بکەن و هیچی تر، بۆ نموونە، ئەو گەشتیارانە کاتێک دەچنە نێو باخ و دارستانە سروشتییەکان و پارکەکان، زیان بە درەخت و سەوزایی ئەو شوێنانە دەگەیەنن، دارەکان بۆ خۆگەرمکردنەوە و چای و خواردن ئامادەکردن دەبڕنەوە، گژوگیا و چیمەنەکانیش پیس دەکەن و وشکی دەکەن، هەروەها لەو شوێنانەی لێی دەمێننەوە هەرچی پاشماوەکانی خۆیانە هەمووی بەو نێوەدا بڵاودەکەنەوە و فڕێی دەدەن، شوێنەکە پیس دەکەن و هەواکەش هەر پیس دەکەن و پڕی دەکەن لە بۆن بۆگەنی و بۆنی ناخۆش، هەروەها سەرچاوە ئاوییەکانیش لەو پاشماوانە ڕزگاریان نابێت و ئەو پاشماوانەی تێ فڕێ دەدەن و پیسی دەکەن، بەمەش ئەو ژینگە جوان و هەوا و ئاوە سازگارەکەی پیس دەکەن و وێرانی دەکەن، ڕووبار و گۆمە ئاوەکانی لەبەر پیسی و ئەو پاشماوانە ڕەنگ و جوانی نامێنێ، هەندێک جار هەر ئاوەکەش دیارنامێنێت و بەو پاشماوە پیسانە دادەپۆشرێت، ئەوە بارودۆخی باکووری جوان و ڕەنگینە بەدەست گەشتیاری نابەرپرس و ناڕۆشنبیر و دژە ژینگە، ئەگەر بەزوویی خەمی لێ نەخورێت، ئەوە دواڕۆژێکی ترسناک چاوەڕێی ئەو شوێنە و هاوشێوەکانی دەکات و لەناو دەچن.

شوێنێکی دیکەی هەڵبژێردراو بۆ قسەکردن لەسەری بریتییە لە (ئیلام)، لەو ناوچەیەدا بە هۆی گونجاوی کەشوهەواکەی چەندان ئاژەڵ و پەلەوەری کێوی هەن کە بە بوون و هۆیانەوە هێندەی دیکە ئەو سروشت و ژینگەیەیان جوان کردووە و جوانییەکی دیکەیان پێ بەخشیوە، بەڵام بە هۆی کۆمەڵە کەسانێکەوە کە ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرانە بێ بەزەییانە و بێ بەرنامە و پلان و یاسا و ڕێسا و پێشێلکردنی هەموو شتێک ئەو ئاژەڵانە بە چەندان جۆرە شێوە و شێواز و ڕێگا ڕاودەکەن، نە وەرزی ڕاوکردن، نە کاتی زاوزێ و زۆربوون ڕەچاو دەکەن، بۆ دەسکەوتی تایبەتی خۆیان خەریکە ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرانە قڕ دەکەن، بەبێ ئەوەی کەسێک لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات و کات و شوێن و شێواز و ئامرازەکانی ڕاوکردنیان بۆ دیاری بکات و ڕێک بخات، ئەوەش کارەساتێکی دیکەی ژینگەیە، هەندێک جار ئەو کەس و لایەنانەی بۆ قەدەغەکردن و چاودێری ئەو کارە دانراون و دیاری کراون خۆیان ئەو کارە دەکەن و چاوپۆشی و کەمتەرخەمیش دەکەن بەرانبەر بەو کەسانەی ئەو کارانە دەکەن، بۆیە کارەساتەکە گەورەتر و مەترسیدارتر بووە، جا ئەو دیمەنە بە شێوازێکی زۆر کۆمیدیانە و ڕەخنە ئامێز دەخرێتەڕوو. بەم شێوەیە کارەساتە ژینگەییەکان و پیسبوونی ئاو و هەوا و سروشت بۆ دەسەڵات و خەڵکی دەخرێتە ڕوو، بۆ ئەوەی بە هەمووان ئەو مەترسییە لەسەر ژینگە دوور بخەینەوە و کەمی بکەینەوە، هەر کەسە و لە ئاستی خۆی ئەوەی پێی دەکرێت بیکات، بۆ ئەوەی ژینگەیەکی دروست و جوانمان بۆ بمێنێتەوە کە لە بنەڕەتدا وابووە و ئێمە ناشیرینمان کردووە. ئەم شانۆییە ئەم خەڵاتانەی بەدەست هێنا: خەڵاتی باشترین ئەکتەری یەکەمی کچ: بۆ (نازیلا ئەمینی) و خەڵاتی باشترین ئەکتەری سێیەمی کوڕ: بۆ (هاوڕێ ڕەزایی) و خەڵاتی سێیەمی باشترین دەرهێنان بۆ دەرهێنەر (ئەفشین ناصری)، هەروەها پێشنیار کرا کە لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی مەریوان بەشداری بکات.

### ٨- شانۆیی (ئاغای واندال)

شانۆیی ئاغای واندال نمایشێکی دیکەی شاری مەریوان بوو، چونکە شاری مەریوان بە سێ نمایشی شانۆیی بەشداریی فیستیڤاڵەکەیان کردبوو، ئەم شانۆییە لە دەرهێنانی بەڕێز (کەریم خاوەری) بوو، نمایشەکە باسی لە دوو جۆر کەس، یان جۆر و چینی ناو کۆمەڵ دەکرد، کەسانێک هەموو ژیانیان بۆ خزمەتی ژینگەی مرۆڤایەتی و سروشتە جوانە خواپێداوەکەی تەرخان کردووە، هەرچەندە کارەکەیان ئەوەیە کە ژینگە پاک بکەنەوە، بەڵام ئەو جۆرە کارە هەموو کەسێک بە هۆی زەحمەتی و ناخۆشی ناتوانێت خۆی لێ نزیک بکاتەوە، سەرەڕای ئەوەش زۆر نزیکە لە نەخۆشی و میکرۆب و چەندان جۆرە ڤایرۆس، کە لەنێو ئەو زبڵ و خاشاک و پاشەڕۆیانەدا هەن کە کۆیان دەکاتەوە و فڕێیان دەدات، لەوانەیە و زۆریش نزیکە، کە ببێتە هەڵگری ئەو



میکرۆب و ڤایرۆسانە و گیانی خۆی لەدەست بدات لەپێناو پاکڕاگرتنی ژینگە و پاککردنەوەی بۆ مرۆڤەکانی دیکە، کەسانێکی دیکە هەن هیچ هەستێکی بەرپرسیارانەیان نییە بەرانبەر ژینگە و پاکڕاگرتنی، بەڵکو بەپێچەوانەوە کاتێک دەچن بۆ شوێنە گشتییەکان وەک پارک و دامودەزگا و فەرمانگە، یان کە بە شەقامێکدا تێدەپەڕن، پاشماوە بەکارهاتووەکانی خۆیان فڕێ دەدەنە سەرزەوی و نێو ئاو و هەوای ئەو شوێنە گشتییانە، بەوەش کارەساتێکی گەورەی ژینگەییمان بۆ دروست دەکەن و چەندان جۆرە میکرۆب و ڤایرۆس بەنێو ئاو و هەوا و سەر زەوی ئەو ژینگەیەدا بڵاودەکەنەوە، واتە کاری ئەوانە بەردەوام بەرهەمهێنانی پیسی و پۆخڵی و نەخۆشییە بۆ کۆمەڵ و ژینگەکەی، تا وای لێ دێت دەبنە بەشێک لەو پیسییە، کاتێک بەخۆی و ماڵ و منداڵەکانی سەردانی پارکێک دەکات بە نموونە، هەرچی پاشماوەی خواردن و خواردنەوەیە فڕێی دەداتە نێو دار و درەخت و سەوزایی چیمەنی ئەو شوێنە و بە پیسی ئەو شوێنە بەجێ دێڵێت، لەبری ئەوەی پاشماوەکانی خۆی کۆبکاتەوە و بیخاتە نێو زبڵدان و شوێنی تایبەت بە خاشاک، لە کاتێکدا کەسانێک پێش ئەو، ئەو شوێنەیان بۆ ئەو و خێزان و کۆمەڵەکەی پاک کردووەتەوە و ئامادەیان کردووە، بۆ ئەوەی پشووی تێدا بدەن و ماوەیەک بە خۆشی بەسەرببەن و بحەوێنەوە، بەڵام ئەو بێ گوێدانە ماندووبوونی ئەوان و ڕێزگرتن لە ئەرکە پیرۆزەکەیان بەو شێوەیە ئەو شوێنە بەجێ دێڵێت، بۆیە ئەرکی هەموومان ئەوەیە ڕێ بەو جۆرە کەسانە بگرین و نەهێڵین ئیدی لەسەر ئەو خوو و ڕەوشت و ئاکارەیان بەردەوام بن و بیانهێنینەوە سەر ڕێی ڕاست، ئەگەر بە قسەشیان نەکردین، ئەوە ئەوانە هەر بۆ نێو ئەو خاشاکە باشن و شوێنیان نێو زبڵدانە، بۆیە لە ئەنجامدا پاککەرەوە ماندووەکە، بە یارمەتی هاووڵاتییان پەلی ئەو کەسە وەک نموونە و نوێنەری ئەو کەسە نادروستانە دەگرن و دەیخەنە نێو عەرەبانەی زبڵ و فڕێیان دەدەنە نێو حاوییەی زبڵەوە، لە کۆڵ کۆمەڵ و ژینگەی دەکەنەوە، بەوەش هەموو لایەک لە دەستی ئەو جۆرە کەسانە ڕزگاریان دەبێت، ئەوە ناوەرۆک و پەیامی شانۆیی ئاغا واندال بوو.

ئەم نمایشە بە شێوەیەکی بێدەنگ و دیالۆگ نمایش کرا، تەنیا بەرەمز و زمانی جەستە نواندنیان دەکرد، بەوەش هەموو نەتەوە و زمانە جیاوازەکان وەک یەک تێی گەیشتن و چێژیان لێی وەرگرت، کەس کێشەی زمانی بۆ دروست نەبوو، ئەوەش لایەنێکی جوان و ئەرێنی ئەم نمایشە بوو، چونکە نەک هەر تەنیا کێشەی زمان چارەسەر دەکات، بەڵکو کێشەی بیستن و دەنگیش چارە دەکات، لەوانەیە بە هۆی قسە و غەڵبەغەڵب بینەران نەتوانن لە هەموو دیالۆگەکان بگەن، بەڵام لێرەدا کێشەیەک نایەتە کایەوە، لایەنێکی دیکەی جوانی نمایش کورتی و خێرایی بابەتەکە بوو، کە تەنیا (١٢) دەقیقە بوو، بەوەش دەرهێنەر زیرەکانە ڕەچاوی بنەماکانی شانۆی شەقامی کردبوو کە دەبێت بابەتەکان لە ڕووی کاتەوە کورت بن و درێژە نەکێشن، ئەویش بە جوانی لەو نمایشە ڕەنگی دابووەوە و بەرجەستەکرابوو، کەسێک لێی بێزار نەبوو و بێ تاقەت نەبوو. بەوپەڕی ئامادەیی و وزە و هێزەوە بابەتەکەی وەرگرت و پەیامەکەی بە تەواوی پێگەیشت، ئەوەش بنەمایەکی گرنگی شانۆی شەقامە، کە لەو فیستیڤاڵە و فیستیڤاڵەکانی دیکەدا زۆر پشتگوێ دەخرێت. لە ڕووی ئاهەنگ و گۆرانی و مۆسیقا و جووڵەی جوانی ئەکتەرەکانیشەوە سەرکەوتوو بوو و بە جوانی بەرجەستە کرابوو، بە کورتی کارەکەی (کەریم خاوەری) کارێکی کورت و پوخت و جوان بوو، هەر بۆیەش خەڵاتی سێیەمی ڕێزلێنانی بۆ بیرۆکەی پێ بەخشرا.

**٩- شانۆیی هەوای پاک**

شانۆیی هەوای پاک بەرهەمی شاری ئەشرەفییە و بیرۆکە و دەرهێنانی (میلاد حەسەن نیا) بوو، دەرهێنەر خۆی ڕۆڵی سەرەکیشی بە هاوکاری هەر دوو ئەکتەر (عەزیزوڵڵا ئەکبەری فەرد و مەهدی فەلاح خۆش قەلب)

بینیبوو کە لە دوارۆژی فیستیڤاڵ لە پارکی شار بە ئامادەبوونی بینەرێکی زۆر نمایش کرا. ناوەرۆکی ئەم نمایشە بەکورتی ئەوەیە کە خەڵکی گوندێک بڕیاردەدەن بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ گوندەکەی خۆیان، هەموو هۆکارەکان و توانایی گەشتیاریی فەراهەم بکەن، بەڵام ئەنجامی ئەم کارە لە کۆتاییدا زۆر خراپ دەکەوێتەوە. سەرەتا نمایشەکە بە گۆرانی ئاهەنگ و خۆشی و خستنەڕووی سروشتی جوانی وڵاتی ئێران لە بارەی ئاو و هەوا و ژینگە جوان و سروشتە دڵڕفێنەکەی بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەیەوە دەخەنەڕوو، ئەوەش بە دیالۆگی گۆرانییەکان و پیشاندانی وێنەی جوان جێبەجێ دەکەن، کە چەندان ئاو و زەریا و دەریا دەوری ئەو وڵاتەیان داوە و لەنێویشیدا بە هەمان شێوە ئامادەییان هەیە، هەروەها بە هۆی جەنگەڵ و دارستانی چڕ و باخ و باخاتی جوان و دەشتی کاکی بە کاکی بەپیت و بەرەکەتی و شاخە بەرز و جوانەکانی ئەو وڵاتەیان کردووە بە بەهەشتێکی سەر زەمین، لەنێو ئەو شوێنە خۆشانەشدا دێهاتەکانی ئەو وڵاتە پشکی شێریان لەو جوانییە سروشتییە پێ براوە، کە بەهۆیەوە بوونەتە شوێنی گەشتوگوزار و سەیران و ڕاکێشانی خەڵکێکی زۆر بۆ سەردان و حەسانەوە بۆ ئەو دێهاتە جوانانە، بۆ پیشاندانی ئەو بابەتەش گوندێکی جوانی ئەو وڵاتە دەکاتە نموونە و پیشانی بینەرانی دەدات، سەرەتا ئەو گوندە گەورە و ڕیش سپی خۆی هەیە کە بەگ، یان باشتر وایە بڵێین کوێخای خۆی هەیە و کاروبار و ئیدارەی گوندەکە ڕایی دەکات، بەڵام هەڵبژاردن دەکەن و لەبری پلە و پایەی کوێخا، کەسێکی دیکە هەڵدەبژێرن و بە ناوی ئەنجوومەنی گوند ناوی دەبەن، هەر خودی کوێخای کۆنیش دەکەنە سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە، کوێخا لە کاتی ڕیکلامی هەڵبژاردن بەڵێن بە دانیشتوانی گوندەکەی دەدات کە سروشتی جوان و هەوا و ئاوی پاک و دارستان و جەنگەڵە جوانەکانی گوندەکەیان بۆ بپارێزێت و بە سەلامەتی بیهێڵێتەوە، بەڵام لەو سروشتە خواپێداوەی دێهاتەکەیان سوود وەردەگرن و داهات و سەرمایە و کاریان بۆ پەیدادەکات، بۆ ئەوەی هەمووان سوودی لێ وەربگرن، دوای دەرچوونی لە هەڵبژاردن، کۆبوونەوە دەکەن و بڕیاردەدەن کە داهات بۆ خەڵکی گوندەکە بە ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ گوندەکەیان فەراهەم بکەن، هەموو بە کەسی هەڵبژێردراو، دەڵێن بەڵێ کوێخا، یان بەگم، ئەویش بەمە تووڕە دەبێت، دەڵێت چی دیکە بەو ناوە کۆن و کلاسیکییە بانگم مەکەن، وەڵامم مەدەنەوە، دەڵێن ئەی چی بڵێین، دەڵێت لەمەودوا پێم بڵێن بەڕێز و سەرۆک، ئەوانیش دەڵێن، باشە سەرۆک، بۆ ئەوەی پرۆژەکانیان جێبەجێ بکەن، بڕیار دەدەن ئاسن و بلۆک و ئەو شتانەی کە بە پارە دەکڕدرێن بەکار نەهێنن، بەڵکو سوود لە سروشتی گوندەکەیان وەربگرن، درەختەکان ببڕنەوە و بیکەن بە دارەڕا و بنمیچ و دەرگا و پەنجەرە و شتی دیکە، هەر لە کانە بەردەکانی بۆ دیواری بینایەکان سوود وەربگرن، بەو شێوەیە بۆ یەکەم پرۆژەیان کە هۆتێل و مۆتێل و شوێنی حەوانەوەیە، بڕێکی زۆر دارودرخت و ژینگەی سەوز بەکاردێنن و دەیکەنە پرۆژە، بەشێکی دیکەش بۆ دروستکردنی پرۆژەکە لە سەری بەکاردێنن، دوای تەواوبوونی ئەو پرۆژەیە گەشتیاری زۆر ڕووی تێ دەکات و پێویستیان بە گەراجی ئۆتۆمۆبێل و یاریگای یاریکردنی منداڵەکانیان هەیە، دووبارە بەشێکی دیکەی دار و درەخت و سەوزایی بۆ ئەو پرۆژانە بەکاردێنن، پاشان بۆ پرۆژەی دیکەی وەک مەلەوانگە و شاری یاری و چێشتخانە و بینای خزمەتگوزاری و فەرمانگە و شتی دیکە، چەندان دۆنمی دیکە لەو سروشتە لەنێو دەبەن، هەر پرۆژەیەک کە دروستی دەکەن، چەندان دۆنم لەو سروشتە جوانە دەبێتە قوربانی و لەنێو دەچێت، دوای ئەوە هەموو بەرپرسەکان بۆ بەرژەوەندی و سوودی خۆیان دەکەونە کار و خستنەڕووی پرۆژەی نوێ، چەندان مۆڵ و دوکان و بازاڕ و شوێنی بازرگانی و گەشتیاری و کارگەی جۆراوجۆر دروست دەکەن، تا وای لێ دێت بستێک سەوزایی و دارستان نامێنێت، ڕێژەی سەوزایی بۆ ژێر ئاستی ستاندارت لە شارەکانیش نەک دێهاتەکان دادەبەزێت، لەبەر دووکەڵی کارگە و ئۆتۆمۆبێل و ئامرازە پیسکەرەکانی دیکە کەس ناتوانێت بە ئاسانی هەناسە بدات، شار لەنێو یەک پارچە دووکەڵ و گازی پیسدا ون بووە، خەڵکەکەی بە هۆی ئۆکسجینی دەستکرد و دەمامکەوە هەناسە دەدەن و ژیان بەسەردەبەن، لەبری گوند، دەبێتە شارێکی گەورەی پیشەسازی پیس لە ڕووی ئاو و هەواوە، کوێخا و ئەنجوومەنی ڕابوردووش نامێنێ و دەڵێت لەمەودوا پێم بڵێن سەرۆکی شارەوانی، دەست و پێوەند و کەسە نزیک و یاریدەدەرانیشی دەبنە ئەندامی



ئەنجوومەنی شارەوانی، بەم شێوەیە خەڵکەکە لەو شێوە ژیانە جوان و دروستە دەکەونە نێو ئەو ژیانە جەنجاڵ و پیس و ئاڵوودەیە کە ناتوانن هەناسەی ئاساییش بدەن و هەموو شتەکانیان گۆڕاوە بۆ خراپتر و ناشیرینتر، ئیدی لەبری ئەوەی خەڵکی بۆ حەسانەوە و پشوو سەردانی ژینگە و شوێنی ئەوان بکەن، دەبێت ئەوان بچنە شوێنانی دیکە بۆ ئەو مەبەستە، ئەمەش ڕەخنەگرتنە لە بێ بەرنامەیی حکوومەت و دەزگا تایبەتییەکانی پێوەندیدار بە ژینگە و گەشتوگوزار کە بەبێ بەرنامەیی بۆ بەرژەوەندی چەند کەسێک ئەو ژینگە سروشتییە جوانە لەنێو دەبەن و ژینگەیەکی نادروستی دیکەی لەسەر بنیاد دەنێن.

بابەت و پەیامی ئەم نمایشە زۆر جوان و گشتی بوو، کە زۆر وڵات و شوێن دەگرێتەوە کە ئەو جۆرە شێوازی کارکردنەی تێدا دێتە دی، بەڵام بە هۆی درێژی و دووبارەیی دیمەنەکان لە جوانی و چێژ و هێزی نمایشەکەی کەم کردبووەوە، چونکە دەکرا سەرەتا دیمەنێکی دروستکردنی پرۆژە و لەناوبردنی سروشتی بە درێژی خستبایەتەڕوو، بۆ پرۆژەکانی دیکە نابێت هەمان تەکنیک دووبارە بێتەوە، چونکە بینەر دەزانێت، پرۆژەی دووەم و سێیەم و چوارەمیش هەر دەبنە مایەی لەناوچوونی بەشێکی ژینگەی سەوز و دارستانەکان، ناکرێت هەموویان بە یەک شێواز و بەو درێژییە بخرێنەڕوو، نواندنی ئەکتەرەکانیش زۆر جوان بوو، بەڵام بە هۆی دووبارە بوونەوەی دیمەنەکان، نواندنی ئەکتەرەکانیش دووبارە دەبووەوە، بەمەش لە جوانی نواندنیان کەم دەبووەوە و دەبووە لاسایی خودی خۆیان لە دیمەنەکانی پێشوویان، کەشوهەواکەش زۆر گۆڕانی بەسەردا نەدەهات و دیسانەوە دووبارە دەبوونەوە، دەکرا کاتی نمایشیش هێندە درێژەی نەکێشابا و کورت بکرایەتەوە، بەمەش بینەر کەمتر ماندوو دەبوو و زیاتر چێژی لێ وەردەگرت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کارێکی جوان و سەرکەوتوو بوو، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە بووایە کە باسمان کرد، باشتر و جوانتر دەبوو.

**١٠- شانۆیی (من و خاشاک)**

شانۆیی (من و خاشاک) تاکە بەرهەمی دەرەوەی وڵاتی ئێران بوو کە بەشداری بەشی پێشبڕکێی فیستیڤاڵەکەی کردبوو، ئەم شانۆیە لە هەرێمی کوردستانی ئێراق، شاری کۆیە و گرووپی شانۆ، بۆ شانۆی شەقام ئامادەی کردبوو، لە بیرۆکە و دەرهێنانی (هونەر تاهیر) و نواندنی هەردوو شانۆکار (فەرەیدوون حەمەدەمین، د.کەیفی ئەحمەد) بوو، لە ڕۆژی کۆتایی فیستیڤاڵ دوای ئەوەی دوو نمایشی دیکەی لە گەڕەکەکانی شاری سەقز کردبوو لە پارکی شار و دەرەوەی ستەیجی تەقلیدی کە هەموو نمایشەکانی دیکەی لێ نمایش کرا، بەڵام ئەو نمایشە لە گۆڕەپانێک نمایش کرا، ئەوەش لەسەر داوای ستافی بەرهەمەکە بوو، چونکە ئەگەر وانەبووایە لە گرنگی و پەیام و جوانی نمایشەکەی کەم دەکردەوە، دیسان تاکە بەرهەم بوو کە شوێنی نمایشی بەشی داوەرانی جیاواز بوو، ناوەڕۆکی ئەم شانۆییە باسی لە ژیان و مەینەتی و کێشەی پاککەرەوەیەک دەکرد کە بە گۆرانی و خۆشی و ئاهەنگ سازی ڕووداوەکان دەست پێ دەکەن، پاشان دەست دەکات بە دیالۆگ، دیارە نمایشەکە بە شێوەیەکی کۆمێدی و ڕەخنەیی، بابەتەکان دەخاتە ڕوو، ڕەخنە لە تاک، لە کۆمەڵ، لە حکوومەت، لە ڕەگەز، لە ئیدارە و...تاد، بەبێ جیاوازی ڕەخنە لە هەموو لایەک دەگرێت، کە کەمتەرخەم و بەرپرسە لە کێشە و گرفتەکان، باس لە پیسکردنی ژینگە لەلایەن خەڵکەوە دەکات کە پاشماوەی بەکارهاتوو فڕێ دەدەنە سەر زەوی و بڵاوی دەکەنەوە، ژینگە و موڵکی گشتی بە موڵکی خۆیان نازانن، ئەو کەسانەی ئەو جۆرە هەڵوێستانە دەنوێنن، لەناو ماڵی خۆیان جۆرێکی دیکەن و شتە پیس و پاشەڕۆکان دەخەنە شوێنی دیاریکراو، ئەی بۆ لە دەرەوە لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکانیش هەمان هەڵوێست نانوێنن کە لە ماڵی خۆی هەیەتی، ئەی ئەوەش ماڵی دووەمی نییە، بۆچی هەست بەو بەرپرسیاریەتییە ناکات،

هەروەها ڕەخنە لە ژنان دەگـــرێت کـــە بەردەرگـــا و کۆڵانەکانیان بە پاشەڕۆی ناو ماڵەکانیان پیس دەکەن، لە بری ئەوەی بیخەنە نێو تەنەکەی خۆڵەوە، فڕێی دەدەنە سـەر زەوی و ئەو نێـوەی پێ پیس دەکـەن، کـاتێکیش گلەییـان لێ دەکـات کە بۆچی وادەکـەن، ئەوان هێـرشی دەکەنە سەر و دەڵێن ئەی کاری تۆ چییە؟ ئەی لەبری چی ئەو هەموو مووچەیە وەردەگریت، ئەویش مەینەتییەکانی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت، کوا مووچەکـەمـان بەشی چی دەکـات، ئەوە کـەی مووچەیە وەری دەگرین، هەر ئەوەندە وەری دەگـرین بۆ ئێـوارەکـەی هیـچی لێ نامـێنێـتـەوە، هەروەها ڕەخنە و گلەیی لە خەڵکی و کەسانی گەنج و لەشـساغ دەگرێت و دەڵێت کـە پێـیـان نەنگە و کـاری پاککەرەوەیی ناکەن، تەنیا ئەو کەسانە ئەو کارە دەکەن، کە خاوەن پێداویستی تایبەتن و لە ڕووی جەستەیی و دەروونیـیــەوە، کـــەس ڕوو لەو پیــشـــەیە ناکـــات و کەموکووری لەو بوارەدا هەیە، بەڵکو دەبێت هەمووان ڕێز لەو کارە و کەسەکە و پیشەکەشی بگرێت و پێی نەنگ نەبێت کە خۆی، یان کەسێکی ئەو کارە دەکات، هەروەها دێتـە سـەر کـاتی هەڵبـژاردنەکـان و وادە و بەڵێنی کـاندیدەکـان، کـە چەندان بەڵێن بە خـەڵکی دەدەن، بۆ نموونە لە ڕووی ژینگە و پاک و خـــاوێنی، بەڵام دوای دەرچوونیـان پاشمـاوەی ڕیکلام و وێنەکـانی خۆشیـان لە دار و دیوار و شـوێنەکـان ناکـەنەوە، دەبێت بە ئەرک و کاری ئەوان کە بۆیان لێ بکەنەوە و پاکی بکەنەوە، ئەی ئەوانە نابنە کاربەدەست و بەرپرسی وڵات، ئەی بۆ خەمی وڵات و جوانییەکانی وڵاتەکەیان لەبیر نییە، هەر ئەوەندە گەیشتن بە پلە و پایە و ئاواتەکانی خۆیان، خەڵک و وڵاتەکـەیان لەبیـر دەچێـتــەوە، تەنیــا خــۆیان و بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان لەبیر دەمێنێت.

ئەمـانە و چەندان کێـشـە و گلەیی دیکە دەخاتەڕوو و ڕەخنەیان لێ دەگرێت، تا لە کۆتاییـدا مـاندوو دەبێت و دادەنیـشـێت بۆ ئەوەی ئاوێک بخـواتەوە و پشـوویەک بدات، لەو کـاتەدا چاودێری شـارەوانی دێت و لەگەڵیـدا دەکـەونە هەرا و بۆڵەبۆڵ، پێی دەڵێت بۆچی دادەنیـشی و کار ناکەی؟ ئەویش دەڵێت کارم کردووە ئێستا ویستم ئاوێک بخۆمەوە، بەڵام ئەو بڕواناکات و ناسنامەکەی لێ دەسـێنێت و پێی دەڵێت سـزات دەدەم، ئەو سـزایەش دەرکردنە لە کارەکەی، زۆر لێی دەپاڕێتەوە کە لێی خۆش بێت و ناسنامـەکـەی بداتەوە، بەڵام ئەو نایداتەوە، تا لە کۆتاییدا هانا بۆ بینەران دەبات و لێیـان دەپاڕێتـەوە کە هاوکاری بکەن و لێی بپاڕێنەوە تا سزای نەدات، لێرەدا تێکەڵاوبوونێکی تەواو و پردی پێوەندی لەنێوان نمایش و بینەراندا دروست دەبێت، بینەران بە ئارەزووی خـۆیان پرسـیــار و ڕەخنە لە هەردووکـیــان دەگـرن و هەر یەکـەی بەپێی تێڕوانین و بۆچوون و لە ڕوانگەی بینینی خۆیەوە ڕەخنە و گلەیی لەو لایەنە دەکـات، لە کۆتاییـدا گوشـار لەسـەر چاودێرەکە دروست دەکـەن، بۆ ئەوەی لێی خـۆش بێت و سـزای نەدات، ئەویش ناتوانێت قـسـە و دڵی ئەو هەمـوو خـەڵکە بشکێنێت و پێـیـان دەڵێت باشـە، بەڵام منیش مـەرجم هەیە، ئەوانیش دەڵێن ڕازین، فـەرمـوو مەرجەکەت بڵێ، دەڵێ مەرجم ئەوەیە کە ئەو پارکە پاک بکاتەوە، دیارە ئەوەش بە تەنیا بەو ناکرێت، بۆیە ئێوەش هاوکـاری بکەن، ئەوانیش دەڵێن ڕازین، دەڵێت مـادام ڕازین فەرموون نایلۆنی تایبەتی خاشاک وەربگرن، با بە هەمــوومــان ئەو پارکـە پاک بکەینەوە، نایلۆن بەسـەر بینەران دابەش دەکـەن و هەمـوو پێکەوە پارکـەکـە پاک دەکەنەوە.

نمایشـەکـە لە ئەکـتـەرەکـانەوە بۆ گـشت و بۆ بینەران دەگـوێزرێتـەوە و ئەوێ پاک دەکـەنەوە، پەیامـەکـەش هەر ئەوەیە کە خـەڵکی ڕابێنێت و فـێـریان بکات کە شـوێنە گشتییەکان بەپاکی ڕابگرن و پاشماوەکان فڕێ نەدەن، هەروەها هەرکـاتێ پاشـمـاوەیان بینی کـۆی بکەنەوە و هەست بە بەرپرسیـاریەتی بکەن، لەهەمان کاتدا ژینگە و شوێنە گشتییەکان بە ماڵی خۆمان بزانین و زەرەری پێ نەگـەیەنین، ڕێزگـرتنیش لەو برایانەی ئەو کـارە دەکـەن ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندامانی جڤاتی کۆمەڵایەتییە، نابێت بە چاوێکی کەم سەیریان بکات، بۆ خۆشی پێی نەنگ نەبێت ئەگەر ئەو کارە بکات، یان کـەسێکی ئەو، ئەو کــارە بکات، چونکە ئەو کــار و فــەرمــانەش وەک هەمــوو کــار و فــەرمــانێکی دیکە ڕێزی خـۆی هەیە و خزمەتی گەل و نیشـتـمان دەکات. شـانۆییەکـە ڕەچاوی بنەمـای شـانۆی شەقامی کردبوو، بابەتەکە بابەتی ڕۆژ و شەقـامی ئەمڕۆی زۆر وڵات و جێگایە، هەروەها مـاوەی نمایشـەکـە(١٥) خـولەک بوو کـە مـاوەیەکی زۆر باش و گونجاوە بۆ شانۆی شەقام، لە ڕووی ئاهەنگ و گۆرانی و کۆمێدیاشەوە بە شێوەیەکی زۆر باش پلانی بۆ دانرابوو،

ئەو لایەنەی تێدا هاتبووە جێ. ئەم شانۆییە لە ڕووی نواندنیشەوە سەرنجی بینەران و لیژنەی داوەریی ڕاکێشا و بووە جێی ڕەزامەندییان، بۆیە هەردوو ئەکتەری بەشدار خەڵاتی ڕێزلێنانی دبلۆمی شانازییان لەلایەن داوەرانەوە پێ بەخشرا.

**١١- شانۆیی ئاناتۆمی یەک ڕووداو (کالبد شکافی یک اتفاق)**

شاری کەرەجیش بە شانۆیی (کالبد شکافی یک اتفاق)، بیرۆکە و دەرهێنانی (مەهدی حەبیبی) بەشداری فیستیڤاڵی شانۆی شەقامی سەقزی کردبوو، دەرهێنەر وەک ئەکتەر و گێڕەرەوە بەشداری نواندنیشی کردبوو، سەرەتای ڕووداوەکان حیکایەتخوان وەک نانەوای گەڕەکێکی شار دەردەکەوێت و دەڵێت، ئەوە چەندان ساڵە من لەو گەڕەکەم، بەو کارە خزمەتی ئەو خەڵکە دەکەم، شارەزاییەکی باشم لەبارەی ژیان و شێوەی ژیان و کار و ڕەوشت و خەسڵەتەکانیان هەیە، دەزانم هەر یەکەیان ڕۆژانە و ژەمی چەند نان دەخۆن، چونکە هەموو ڕۆژێ نان لەلای من دەبەن، ئەوەش گوزارشتە لە دووبارە بوونەوەی ژیان و یەک شێواز و ستایلی ژیانی خەڵکی، هەموویان ئێوارە دەچنەوە ماڵەکانیان و شەو دەخەون و بەیانی هەڵدەستن و دێن بۆ نانکڕین و دەچن نانی بەیانی دەخۆن، پاشان دەچن بۆ سەر کارەکانیان و نیوەڕۆش دەگەڕێنەوە دووبارە نان لەلای ئەو دەکڕن و دەچنەوە نانی نیوەڕۆ دەخۆن و پشوویەک دەدەن و دەخەون و دواییەی دێنە دەرەوە بۆ بازاڕ و سەردان و شت کڕین، کاتی ئێوارە دێنەوە لای ئەو نان دەکڕن و دەچنەوە نانی ئێوارە دەخۆن و دوای ماوەیەک دەخەون... بەم شێوەیە لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە، هەموو ئەو شتانە دووبارە دەبنەوە و ئەوەشە بێتامی و بێ واتایی ژیان.

دوای ئەوە جووڵەی ژیان لە ڕوانگەی کەسانی جیاوازەوە پیشان دەدرێت کە وێنەیەکی جوانی ژیانی ئاسایی خەڵکی شار پیشان دەدات، دوای ئەوە دیمەنێکی داخوازی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرگیری دەخرێتەڕوو، گەنجێک دەچێت بۆ داخوازی کچێک، ئەویش مەرجی ڕازی بوونی ئەوەیە کە لوقمەی ژیانی بە شێوەیەکی حەڵاڵ بۆ پەیدا بکات، بەبێ ئەوەی حەرامی تێ بکەوێت، پیاوەش دەڵێ ئەوە زۆر سەختە، حەتمەن لە لایەک و لەسەردەمێک دەبێت بڕێک حەرامی تێ بکەوێت، ئەوەش گوزارشتە لەوەی کە مرۆڤ قابیلی هەڵەیە لە ماوەی ژیانیدا، کەس نییە لە ماوەی ژیانیدا هیچ هەڵەیەک نەکات، واتە مرۆڤ نە بە تەواوی شەیتانە و نە بە تەواویش فریشتەیە. لایەنێکی جوانی دیکەی ئەو نمایشە ئەوەیە، کە حیکایەتخوانەکە لە پشتەوە کاردەکات و ڕووداوەکانیش دەگێڕێتەوە، لە پێشەوە لە بەردەمیشی دیمەنەکان دەگۆڕێن و ڕووداوە باسکراوەکان بەڕێوەدەچن، هەروەها کاتێک ڕووداوەکان لە پێشەوە تەواو دەبن و نامێنن، کەچی گێڕانەوەکە و کارکردنەکە لە دواوە باکگراوندی ڕووداوەکان بەردەوامن، دیمەنێکی دیکەی کۆمیدی، کە باسکردنە لە جاڕکێشانی ژن لە پیاوەکەی، ژنەکە بەردەوام بەدوای هەواڵی پیاوەکەیەوەیە و دەیەوێت بزانێت چی دەکات و خەریکی چییە و لە کوێیە، لەو کاتەی تەلەفۆنی بۆ دەکات ئەو خەریکی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەیەتی، بۆیە کەسێکی دیکە تەلەفۆنەکەی بۆ دەگرێت ئەویش قسە دەکات، چونکە هەر دوو دەستی پیسن و گیراون، بەڵام ژنەکەی وادەزانێت و گومانی لێ دەکات کە لەگەڵ ژنێک بێت، ئەو دەیەوێت زوو بیبڕێتەوە خوا حافیزی دەکات، ژنەش پێچەوانە تێدەگات و وا دەزانێ لە خۆشی ئەو ژنەیە، کە لەگەڵیدایە، پاشان دەچێتە ژێر ئۆتۆمۆبێلەکەی بۆ ئەوەی برغووەکان توند بکاتەوە، لەو کاتەدا ژنە دیسان تەلەفۆنی بۆ دەکاتەوە، دەڵێ لە کوێی ئەویش دەڵێ من لە ژێرەوەم ئەو لەسەرمەوەیە، ژنە هار و شێت دەبێت و بە کرداری سێکسی تێ دەگات، ئیدی چەندان لەیەک تێنەگەیشتنی سەیر و کۆمێدی لەم شێوەیە لەو دیمەنەدا ڕوودەدەن، ئەوەش گوزارشتە لە جاڕکێشان و بێ متمانەیی و بەهەڵە تێگەیشتنی هەندێک لە ژنان و بڕیار لەسەر بنەمایەکی نادروست و نالۆژیکیدان و جیابوونەوە و تێکدانی ژیانی هاوسەرییان.

لە دیمەنێکی دیکەدا باس لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەکات کە هەندێک کەس نایانپارێزێت و لەناویان دەبات و زیانیان پێ دەگەیەنێت، هەندێکی دیکە ئەو خزمەتگوزارییانە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار دێنێت و سوودی تایبەتییان لێ وەردەگرێت، بۆ نموونە، کەسێک چاودێرە لە شوێنێکی گشتی و مووچەی خۆی وەردەگرێت، کەچی کرێی ئەو شوێنە لە خەڵکی وەردەگرێت، وەک (WC)ی نێو پارکەکان کە بۆ خزمەتی

خەڵکی دانراون، کەچی ئەو کرێ لە خەڵکی وەردەگرێت. هەتا ئەوەی دەڵێ یەکت کرد، یان دوو، مەبەست لە یەک میزە و دوو پیسایییە، جا نرخی هەر یەکەیان جیاوازە، بێ گومان نرخی پیسایی زیاترە، جا ژنەکە کە منداڵەکەی دەبات بۆ ئەوێ، دەڵێت، یەکی کردووە، پارەی ئەوەی لێ وەردەگرێت، دوای ئەوە دەچێت بۆنی دەکات، دەڵێت بۆ درۆم لەگەڵ دەکەی، ئەوە بۆنی دووی لێ دێت، پێی دەڵێت، تۆ دزیت لە من کردووە و گەندەڵیت کردووە، بۆیە شکایەتت لێ دەکەم، ئەویش دەڵێت من ٥٠٠ تمەنم دزیوە و گەندەڵیم کردووە لێپێچینەوەم لەگەڵدا دەکەی، ئەی بۆ ناچی لەو کەسانە بپرسیتەوە و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەی کە ڕۆژێ بە ملیۆنان دەدزن و گەندەڵی دەکەن، ئەوەش گوزارشتە لەوەی کە یاسا و لێپێچینەوە تەنیا بۆ هەژار و بێ پشتەکانە، دەوڵەمەند و دزە گەورەکان کەس ناتوانێت قسەیان لەگەڵدا بکات، یاسا بەرانبەریان بێ دەنگ و کەڕ و لاڵە.

دیمەنێکی دیکەی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش و کۆمیدی، خۆشووشتنی کارەکتەرە سەرەکییەکە بوو لەسەر تەختەی شانۆ، حەمامێکی جوانی لەسەر ستەیج دانا بوو، کەسەکە بە تەواوی بە ئاو و سابوون بەجوانی خۆی دەشوات، ئەوەش لە ڕووی جوانکاری و تەکنیکەوە زۆر جوان و ناوازە بوو، هەندێ دیمەنی بە شێوەی بێ دەنگ و جووڵەی جەستە دەنوێنران، هەندێکی دیکە بە هۆی دیالۆگەوە نواندنەکە دەکرا، زۆربەی ئەکتەرەکان تەنیا بە جووڵە و نمایشکردنی جەستەیان نواندنیان دەکرد، تەنیا سێ چوار ئەکتەر دیالۆگیان دەوت، ئەوانی دیکە هیچ دیالۆگێکیان نەبوو، کاریان پیشاندانی ڕووداوە جیاواز و گوزارشتە جیاوازەکان بوو بە هێما و زمانی جەستە، لە ڕووی سینۆگرافیا و ئێکسسوار و کەلوپەل و ئامرازە جۆراوجۆرەکانەوە، چەندان شتی جوان و سەرنجڕاکێش لەناو دیمەنە جیاوازەکاندا دەخرانە ڕوو کە هەر دیمەنەی شتی تایبەتی خۆی هەبوو و هیچی دووبارەی دیمەنی پێشوو نەبوو، جلوبەرگەکان بە هەمان شێوە بۆ هەر دیمەنە و جلی تایبەت بە خۆی هەبوو، هەمووشی بە بۆیەی تایبەت و ڕەنگی جیاواز ڕەنگ کرابوون، کە گوزارشتی ڕووداو و دەروونی خۆی هەبوو، هەرچەندە ڕووداوەکان وەک زۆربەی نمایشەکانی دیکە درێژ بوون، بەڵام دەرهێنەر بە هۆی تەکنیکی جیاواز و تەشویقی بەردەوام و گۆڕانکاریی بەردەوام لە دیمەنەکاندا، هیچ بینەرێک هەستی بە وەڕسی و بێزاری نەکرد و لای بینەر هەست بەو درێژی ڕووداوانە نەکرا، ئەم شانۆییە لەبەر ئەم هۆکارانە زۆرترین خەڵاتی فیستیڤاڵەکەی بەدەست هێنا، کە بریتی بوون لە: خەڵاتی باشترین جلوبەرگ: بۆ دەرهێنەر (مەهدی حەبیبی)، خەڵاتی باشترین سینۆگرافیا بۆ دەرهێنەر (مەهدی حەبیبی)، خەڵاتی باشترین ئەکتەری دووەمی کچ: بۆ (نێرگز خاک کار)، خەڵاتی باشترین ئەکتەری دووەمی کوڕ: بۆ (مستەفا کولیوندی)، خەڵاتی یەکەمی باشترین دەرهێنان، دەرهێنەر (مەهدی حەبیبی). ئەو جۆرە خەڵاتانەش ڕاستەخۆ ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەو بەرهەمە یەکێکە لە باشترین بەرهەمەکانی ئەو فیستیڤاڵە، هەروەها پێشنیار کرا کە لە فیستڤاڵی نێودەوڵەتی فەجر بەشداری بکات، پیرۆزە لە دەرهێنەر (مەهدی حەبیبی)، پیرۆزە لە ستافی شانۆییەکە، پیرۆزە لە شاری کەرەج.